# تەکەتولاتی ناو زانکۆکانی کوردستان

# Iam anti Takatul

**محەمەد گەلاڵەیی_سۆران**

mohammad_soran@yahoo.com

لە کوردستانی باشووردا، هەموو شتێك بۆتە مۆدێل، ئەنجامەکەشی ڤایرۆسێکی زۆر خراپی لێ دروست بووە، کە چەندەها زانای گەورەی جیهانیش بێن بۆ کوردستان ناتوانن ئەنتی ڤایرۆسێك بۆ ئەم مۆدێلە سەقەتانەی کوردستان دابنێن، بەتایبەتی ئەو مۆدێلانەی بەناو ژیانی دیموکراسی کە پەیڕەو دەکرێت ماڵی چەندەها هەژاری شۆڕشگێر، نیشتیمان پەروەری ڕۆژانی سەختو کوردپەروەری ئەمرۆو سبەینێ کاولکردووە، لەوانە هەڵبژاردنە بەناو دیموکراسییەکانی کوردستانی پاش ڕاپەرینی لە 1991 تا 2005 لە ئەمساڵیشدا دەستپێکردنی وەرزی هەڵبژاردنە حزبییەکانی ئەم پارچەیە، زیاتر ڤایرۆسی مۆدێلاتی بەناو هەڵبژاردنو چاکسازیو پاکسازی بلاۆکردەوە. لە هەمان کاتیشدا تێکڕای چینو توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستانی هەر کەسو لایەنێك شتێکی کرد ئەمو ئەویش بەشێوەو بە فۆرمێکی ترو لەکاتو شوێنی جیاوازتر دووبارەی دەکاتەوە، بۆ نموونە تەکەتولی ناوهەندێ پارتی سیاسی کوردستانی باشوور کە پێویست ناکات ناویان بهێنم هەتا وای لێهات خەڵك لە پێناو تەکەتول بازیدا خوێنی ڕژاوو کەسانێکیش بریندارو منداڵی بێتاوانیش بوونە قوربانی، ئەمە ڕۆژ بەدوای ڕۆژ ئەو باکگراوندە کۆمەلاّیەتیو سیاسیە دروست دەکات کە بپرژێتە ناو کایە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردستانی، لەوانەش زانکۆکانی کوردستانی لە مەرخۆشمان پڕبوە لە تەکەتولاتی جۆراوجۆردا، کە لە دێرەکانی داهاتوودا دێمە سەری. ئەوەیە وای لێکردوومە کە لەم دوایانەدا زۆر پێوەی شەکەتو ماندووبم، چونکە ئەو چوار ساڵی خوێندنی زانکۆ تەواو دەکەم هێشتا و زێدەتر تەکەتولاتی ناو مامۆستایانو خوێندکارانی زانینگەکەم زۆرتر دەبینمو دەبیستم، بەڕای من مەترسییەك هەم بۆ ئەمڕۆ و ئایندەیەکی دووریش کە لە چاوەڕوانیدااینە بگاتە ڕۆژگارەکانی ژیانمان دەبینم، من زۆر بە دووری نازانم ئەو دووبەرەکییە کۆمەلاّیەتیە، سیاسیە، ئابوورییە، ڕۆشنبیریو دابو نەریتە پاشکەتووەکانی کۆمەڵی کوردستانی، پێیدا ڕۆیشتووەو بۆتە سەرچاوەیەك بۆ برەودان بەو تەکەتولە، یاخود ئەو ژیانە سیاسیەی حزبە کوردستانییەکان بەتایبەتیش هەردوو حزبە سەرەکییەکانو مێژووی تەسکیە حزبییەکانیان بۆ شەقکردنی تاکی کورد هەتا هەتایە، لەم باکگراوندە حزبیەدا تۆی تەکەتول بەتەواوی خۆی چاندووە ئەوا ڕۆژانە دروێنەی دەکەین بۆ چەندان ساڵی ترو هەریەکەمان لە شوێنو کاتی جیاوازدا، ئەم تەکەتول بازییە ئەوەندە چڕبۆتەوە لە نێو ئەندامە حزبیەکانو بارەگاکانیان، ئیدارەو فەرمانگاکانی حکومەت، کۆمەڵەکان، سەندیکاکان، ڕێکخراوە خوێندکاریو قوتابیەکان، ماڵەکان، خێزانەکانو هاورێیانی کوڕو کچ..هتد ئەمانە چوونەتە پۆلی" CLASS TAKTUL" واتا پۆلی تەکەتولخانەی سەرکەتوو کە ئەوان وا ناویدەنێن، پاش خوێندنی وانەکانیان بەسەرکەوتووی ئەو کلاسە تەکەتولە بە قۆناغە جیاجیاکانیان دەبڕنوپلەی یەکەم بەدەست دەهێنن، دوای بۆ جارێکی تر دەگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگای کوردی فێری زانستو پەروەردەکردنمان دەکەن، لە نوێترین شێوازی جیهانی تەکەتولبازی کە هەر ئاگامان لێی نییە، ئەو نەوەیەمان لیدەر دەچێت کە دەبینین پاشکەتووترین نەوەی گەلانین لە جیهان، گەلۆ بەوەنییە مۆبایلو ئەنتەرنێت بەکاردەهێنینو نەوەیەکی گەلانی جیبۆتی، سودانی، سۆماڵیو مۆزەمبیقی هەر بەخەونیش نەیان بینوون لە ئێمەنان پاشکەتووتر بن، چونکە ئەوان دەرفەتێکی وەك ئەمڕۆیان بۆ هەڵکەوێت زۆر زەحمەتە ئەم دەرفەتانەی لەژیانیاندا دێتە پێشیان دەربازیان بکەنو بەڵکو ئەوەندە دەستی پێوە دەگرن تا دەبن بە دەوڵەتێکی پێشکەوتوو و ئەنتی تەکەتول واتا(دژە دەستەگەری هەمەچەشنانە).

نامەوێت زۆر لە بابەتەکەی خۆم بڕۆم، حاڵەتی سەیرو سەرسوڕمانتان لا دروست نەبێت، کە دەڵێم: لە ناو جەرگەی زانستو پەروەردەکردندا تەکەتول هەیە، با لەو بەشەی خۆمانی دەست پێ بکەم کە بۆ یەکەمین جار گوێبیسی تەکەتول بووم لێی، دوای کۆلێژەکەمو ئینجاش کۆلێژەکانی ترو هەتا ناو مامۆستایانی زانکۆش ڤایرۆسی تەکەتول داخڵ بووە لە ناویاندا، بۆ نموونە هەندێ لە مامۆستایانی بەشەکەماندا پێیان ناخۆشە ناوێکی وەك کەسێکی لێهاتووو زاناو پرۆفیسۆری مێژووی هاوچەرخی کورد" د. کەمال مەزهەر ئەحمەد" بێنینو باسی کتێبو نوسینە بەپێزەکانی بکەین، هەتا خۆیان زۆر بە نیشتیمان پەروەرتر دەزانن لە ئەو، کەچی بەداخەوە خۆیان پاشکەتوونو زۆر ترسەنۆك بووینەو نەیان توانیووە لەسەردەمی بەعسدا دوو ووشە بنووسن لەسەر کوردو کوردستان، ئێستاش ئەو توانایە زانستەیان نیە کورتە لێکۆڵینەوەیەك لەسەر بارودۆخو هەڵسەنگاندنی ژیانی مرۆڤی ئەمرۆی کورد بنووسن. لە لایەکی ترەوە تەماشا بکەین دەستە خوشکە کچانی زانکۆ بونەتە دەستەگەریەکی تەواو و ناوبینێن تەکەتولاتی دایك سالاری، ئەوەندە خۆیان دوور گرتووە لە کوڕان کە لە هەرشوێنێك دادەنیشن بەکۆمەڵ لبیێ کۆدەبنەوە ، کوڕان ناو لەم شوێنە دەنێن وەك نموونە:"کۆلانّی پیرەژنانو چەندان نازناوی تر بۆ ئەو شوینانە لە سەر زمانی خوێندکارە کوڕەکان دەبیستی" ئەمەیە حاڵەتە نەگەتیڤەکانی تەکەتول هەر لە ناو زراندنەوە بگرە تا دەگاتە سووکایەتی پێکردن بەکەسایەتی یەکترو تێپەڕاندنی لەوە زیاتر ئایندەی زانستو پێشکەوتنو بیرکردنەوەیەکی دووربینانەی گەشانە بۆ ئایندەمان، دەخاتە بەردەم پرسێکی زۆر هەستیار و بێ ئەوەی هەر بیریشی لێ بکەینەوە، ئەم تەکەتولاتە وایکردووە هیچ

لێکۆڵینەوەیەکی دوو تا سێ مامۆستای زانکۆ بەیەکەوە نابینیت، لەسەر بوارێکو دیاردەیەک، بەشێوەیەکی مەیدانیو بەڵگەنامەیی کاری هاوبەشیان ئەنجامدابێت، تەنیا چەند شتێکی کەم نەبێت لەم لایەنە کراوە نایەتە ریزی پەنجەکانی دەستیش بە حەق بێت، هەتا ئێستا بۆ مێژووش نەمزانییوە مامۆستاو خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان لێکۆڵینەوەی زانستی، کۆڕو سیمینار، گەشتی زانستی حەقیقی، یاداشت نووسین لەسەر گەشتە زانستیەکان و بلاّوکردنەوەیان و کارێکی لەم جۆرەیان ئەنجامدابێت. زۆری ناوێت بنوسم چونکە ئەو تەکەتولاتە ئەوەندە قوولْ بۆتەوە و هەر لایەنو خۆی پێ ڕاستو حەقە لەسەر مافەکانی خۆی. بۆیە ویستم ئەمە بکەمە بابەتێکی سەرەتایی کە زیاتر لەسەری بتوژێنرێتەوە، لەهەموو ڕوانگە جیاوازکاندا بۆ ئەوەی بەتەواوی ئەو ڤایرۆسە شیبکرێتەوەو ئەنجامەکانی بێنەدەست، ئەمەش بە ئەرکو ماندنوو بونی توێژەرانی کۆمەڵناسیو دەروناسیو مێژووناسانو چەندان پسپۆری تر لەم بوارەدا. گەر تەمەنیش ڕێگە بدات چەند وتارێکی تر لەسەر هۆ و ئەنجامەکانی تەکەتولبازی ناو زانکۆکانی کوردستان، باسدەکەم.

2006\12\26_سێشەممە